# ...مەرگی سەگێکی بە وەفا، کەمتر نیە  لە مەرگی تۆی بەناو ئینسان...



.. گەرمیان..

مەرگ ، ، ئاخ ،مەرگ

مەرگ هەر مەرگە، ،لەدەستانی ئازیزان لە هەچ شوێنێک بێت هەر باعیسی ئێش و ئازارە بۆ خاوەنەکەی، ، ئیتر ئەوە جێی سەرنج نیە ئەو  ئازیزە مرۆڤێک بێت، ،یان مەبدەئێک بێت، ، نیشتیمانێک بێت ،گوڵێک بێت، سەگێک بێت هتددددد

پەیوەندی مرۆڤ و گیانداران هێندە پەیوەندیەکی دورو درێژە  کە ڕەنگە هیچ کەسێک نەتوانێ سەرەتای ئەو پەیوەندیە دەست نیشان بکات  .....

ئەو کاتانەی کە سەر گۆی ئەم زەویە پڕ دەبێت لە خوێن و  جەنگ و ماڵ وێرانی هامەتی، ، کە مرۆڤەکان سیمای مرۆڤایەتی خۆیان لەدەست دەدەن، بە خوێنی  نەهاوڕێ و هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەستیان سوور دەبێت، هیچ مانەیەکی جوانی نامێنێتەوە بۆ ئینسانی بونیان کە بێتە مانای شانازیان...

بە قەسابخانە کردنی کۆمەڵگای بەشەرێت مێژویەکی هێندە خوێناوی هەیە، کە هەموو مرۆڤێکی ئینسان دۆست بە شەرمەوە سەیری ئەو مێژوە دەکات، ، کە مرۆڤ بگاتە ئەوەی ئەم ژیانە پڕ لە گوڵە بکاتە قەسابخانە بۆ مرۆڤەکانی تر، ، ،

بەڵام دەڵێی چی کاتێ تفەنگەکان بێ دەنگ نابن لە قەڵخان گرتن لە یەک؟دەمی چەقۆکان تا بێت تیژو تیژ تر دەبن؟ ئەمەیە بەرهەمی  هەندێ مرۆڤی بە ناو مرۆڤ!!!

بەڵام دەبینین هەندێ جار ئاستی نزمی مرۆڤە بێ ویژدانەکان بەوەشەوە ناوەستن، ڕازی نابن بەوەی مرۆڤەکان وەک ئەوان بژین و هەوایەکی ئازادی هەڵمژن و بە خەون و ئاواتە جوانەکانی خۆیان بگەن، ، دەکەونە قەتڵ و عام کردنیان نمونەشمان زۆرە لە مێژودا

ئەم جۆرە کەسانە بۆ دامرکاندنەوەی خەریزەی شەڕان گێڕیان نەک تەنها لەزەت لە کوشتن و برینی مرۆڤەکان دەبینن، بەڵکوبەوەشەوە  ناوەستن پەنا دەبەنە بەر کوشتنو برین و پارچە پارچە کردنی جەستەی گیاندارە  بێ زمان و بێ دەستەڵاتەکانیش، ، ، ئەو گیاندارانەی  کە لەم وڵاتەی ئێمەدا کەمترین شانس نایان گرێتەوە، ، من دڵنیام ئەو گیاندارانەش خەمی برسێتی و سارد و گەرمیان هەچی لە خەمی ئێمەی مرۆڤ کەمتر نیە، ، ئەوانیش خۆزگە بەوە دەخوازن کە خاوەنێکی بە ویژدانیان هەبێت و  ماڵێکی گەرم و خواردنێکی خۆشیان  دەست کەوێت و چیتر لە پێناو ژەمە خواردنێکدا سەر بە دایان  زبڵ و شوێنی پیسدا نەکەن و توشی ڕاونان و لێدان  نەبنەوە

هەر بۆ نمونە.....

وەک  سەگەکەی (بەڕێز حاجی)  ساڵانێکە ئەم سەگە بە وەفا و جوان و بێ زمانە ژیانێکی بەختیار لەگەڵ ئەم کچە کوردا بەسەر دەبات، پەیوەندیەکی  زۆر دۆستانە لە نێوانیاندا دروست بوە، وەک پەیوەندی دایکێکی میهرەبان وجگەر گۆشەیەکی بە وەفا، ، ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و یادگاری جوان دەگوزەرێنن پێکەوە، ، ،ئەم بۆ ئەوەی  ئیتر لە لێدان و ڕاوەدونانی منداڵانی ناو کۆڵان ڕزگاری بوو کچە شۆخێکی بە ویژدان بوە بە سایە و سێبەری..

ئەویش وەک ئەوەی بوەتە خاوەن جگەر گۆشەیەک لە پێش ئەوەی بە هەزار و یەک بەڵێنی. ڕەنگاڵەی پیاوانی درۆزنی (نەبەز گۆران) ئاسا هەڵبخەڵەتی دواتریش دەست بەرداری هەموو ئەو پەیمانانە بن مریەم ئاسا بوەتە دایک و خاوەن کۆرپەیەکی جوان و گوێ ڕایەڵە، ، لە پێش ئەوەی پاکیزێتی خۆی بداتە دەست هیچ پیاوێک ...

ئەمەیە هۆکاری توڕەی و جامی ڕق و کینە ڕژاندی(نەبەز گۆران) بەسەر خاوەنی ئەم سەگەدا، ، ئەم مرۆڤە بەس بەناو مرۆڤانە هێندە چاویان بەم ڕاستیە هەڵ نایەت کە (بەڕێز) پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەم کۆرپە شیرینەیدا زۆر لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەماندا پیێ ئینسانی ترە، ، چونکە هەریچ نەبێت ئەم سەگە نە درۆ دەکات نە خوێنی کەسیش دەڕێژێت نە ماڵی کەس وێران دەکات بەڵکوو تەنهاو تەنها سۆز و وەفا دەبەخشێتە خاوەنەکەی، ، .

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دەبینین هەندێ مرۆڤی بێویژدان وەک کاری هەمیشەییان تەنهاو تەنها مەبەستیان لەیەک ترازاندنی دڵەکانە لەیەک ، ، بە ڕۆژی ڕوناک ئەم سەگە بەوەفا و جوانەی (بەڕێز) خەڵتانی خوێنی دەکەن و لەشە پارچە پارچە کراوەکەی فڕێدەدەنە سەر شۆستەکەوە... ،

چەند ئەستەمە جەستەی لە خوێن شەلاڵ بووی کۆرپەکەت بخەنە بەر دەست؟؟؟

چەند بە ئەستەمە لە چرکە ساتێکدا هەموو خەون و یادگارێکانت هەڵواسن؟؟؟

سەر باری دڵ نەوای ئەوە کە پێویستە هەمو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان بیکات لەم دایکە جەرگ سوتاوە، (نەبەز گۆران) لە وتارێکی زۆر قیزەوەن ئامێزدا گاڵتە جاری دەکات بە خودی مەرگی ئەم سەگەو بە خاوەنی ئەم ئازیزە لە دەست چوە .

تێ بی نی... بۆ بینینی وتارە قیزەونەکەی (نەبەز گۆران) کلیکی ئێری بکە

http://www.kurdistanpost.com/article.asp?id=2247